

# چـــۆن بێ دایـــک و باوک ژیان

**پرسەیەکی خەمبار و بە کەسەر**

بەو بەرە بـــەری نیوەڕۆیـــە گەرمەی هاوین خەڵکەکە دوو دوو و ســـێ ســـێ لە خانووە هەشت مەترییەکە دەهاتنە دەرەوە و کۆمەڵێکی دیکە دەچوونە ژوورەوە.

چووینە نـــاو خانووەکە بۆ ئەوەی بزانین ئەو خانووە چی تێدایە و ئەو خەڵکە بۆچی بە خەمباری و ســـەربادان و ئاخ و ئۆف و کەســـەرەوە دێنە دەرەوە! کە پێمان نایە ناو حەوشەکە و بەشێکی زۆری خەڵکی گەڕەك، هەندێکیان بەپێوە و هەندێکیان بە دانیشتنەوە بەدیار تەرمی نیمچە ئاوســـا و و ئەستوور بووی (قـــادر)ەوە بوون، کابـــرا پێدەچوو، کرێکاری زۆری کردبێت، چونکە هەم قۆڵ و باســـکی بە قۆڵ و بە باسکی کەسێکی ئیشکەر دەچوو، هەمیش ناو لەپی هەموو زەبرو داڕووشـــاو بوون، ئەو سێ منداڵەشی کە لە پاشی بەجێمابوون، هوڕ هوڕ دەگریان و بەو چاوە پڕ گریان و فرمێسکانەشیانەوە تەماشـــای خەڵکەکەیان دەکرد و وەك بڵێی لێیان دەپرسین: ئەوە بابیشمان مرد، دایکمان نەمابوو، باوکمان جێگەی بۆ گرتبووینەوە، ئەوە ئەو پشت و پەنایەشمان رۆیی و ئێستا روو لە کوێ بکەین و کێ داڵدەمان دەدات.

خەڵکە هەندەی پێنەچوو چوون مامۆستای مزگەوتی گەڕەکەکەیان هێناو، دەســـتیان کـــرد و بە دوعا خوێندن و پاشـــان ناردیان دارەباز بێـــت و دوای کەمێك دارەباز هات و تەرمەکەیان بردە مزگەوت و شـــۆردیان، پاشان کەسانی خێرومەند کفنیان هێناو چەند پیاوێکیش چوون قەبر لێدەن، نەگەیشـــتنە پاش نیوەڕۆ، مەیتەکە بە خاکیش سپێردرا، مایەوە پاشـــەرۆژی ئەو ســـێ منداڵە بێ دایك و باوکە چ لێبکەن.

(قـــادر) کە ســـێ منداڵـــی بچووکی هەبوون، کە گەورەکەیان تازە گەیشـــتبووە چـــواردە ســـاڵی و نـــاوی (رزگار)بوو، (رزگار) تابڵێـــی منداڵێکـــی عاقـــڵ و هۆشـــمەند و بە فکر بـــوو، دەتگوت قەت ئەوە تەمەنی چواردە ســـاڵ نییە. قسە و بیرکردنـــەوەی گەلێك جوان و بەجێ و رێ بـــوو، کە دایکیان مرد، (قادر) ی باوکیان دەچووە سەرکار و ئەویش خواردنی بەیانیانی بۆ هەردوو بـــرا بچووکەکەی ئامادە دەکرد و پاش نانخـــواردن لەگەڵ خۆی دەیبردنە قوتابخانە. لەوێش بەڕێوەبەڕی قوتابخانەکە حانووتـــی قوتابخانـــەی پێدابوو، بۆخۆی شتی تێدا بفرۆشـــێ، لەگەڵ چاودێرێکی قوتابخانە پێکەوە کارەکەیان دەکرد و لەکاتی دەرفەتدا کە لـــە پۆل دەهاتنە دەرەوە خۆی دەگەیاندە کۆشـــکەکە و کاروبارەکانی رای دەکرد، یانی هەم دەیخوێند و هەمیش هەر لە هەمـــان قوتابخانەدا لـــە حانووتەکەی کارێکی دەکرد، ئەوهاشـــی رێکخستبوو بە جۆرێـــك لە خوێندنەکـــەی بێبەش نەبێ و کاری پێنەکا.

(رزگار) هەم دەیخوێند و کاریشی دەکرد و ئاگاداری دوو برا بچوکەکەشی بوو.

(رزگار) ئومێدێکـــی بەوە خۆش ببوو، کە باوکی مابوو، چونکە کە دایکیان مرد، باوکیان بە هەموو شـــێوەیەك هەوڵی دەدا جێگەی دایکیشیان بگرێتەوە، دایکیان بە کەسەرێکی گەورەوە مرد، هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە چل ساڵ، لە پڕ نەخۆشییەکی کوشـــندەی لـــە هەناوی پەیدابـــوو، پاش هەفتەیەك لەسەردانی پزیشك و خەواندنی



# دەگوزەرێنن؟

له نەخۆشخانە، بەیانییەکی زوو، بۆ دواجار چاوی لێکنا، (قادر) بە مردنی خێزانەکەی کۆستی کەوت، چونکە نە دڵی دەهات جارێکی تر، لەبەر منداڵەکانی ژن بێنێتەوە، نە دەشیزانی چ لەو منداڵانە بکات، بێ دایك و بێ سەرپەرشتیار مانەوە، تاکە شتێك دڵنیایی پێدەبەخشی (رزگار)ی کوڕە گەورە و ئەو خانووە بچووکە بوو، کە بەهەر دەردەسەرییەك بێت کڕیبووی. (قادر) کە ژنەکەی بەو کتوپڕییە مرد، هەستی بە کەساسی و تەنیاییەکی زۆر کرد، چونکە بەخۆی نە برایەکی هەبوو، نە خوشکێکیش، ژنەکەشی برایەکی نەخۆش و پەککەوتە و لە جێ کەوتە، لەگەڵ خوشکێکی دێوانەی هەبوو، جار جار دەچوو خزمەتی هەردووکیانی دەکرد و ئاگای لێدەبوون، بەڵام بەوەندە باش بوو، دراوسێکانی (قادر) تا بڵێی کەسانی باش و بەرەحم و بەزەیی بوون. کە ژنەکەی مرد هەر جارەی دراوسێییەکیان، دەچوون جلوبەرگیان دەشوشتن، تا ئەوەی ڕۆژێك یەکێ لە دراوسێکانیان گوتیان با پارە کۆ بکەینەوە و ئامێرێکی جلشۆریان بۆ بکڕین و (رزگار)یش وردە وردە فێر بکەین چۆنییەتی بەکارهێنان و سوود لێوەرگرتنی بزانێ، بەوە پشت بەخۆیان دەبەستن و هەروەها ئێمە دەتوانین لەلایەنی دیکەوە یارمەتییان بدەین، منداڵەکان توانیان بە یارمەتی باوکیان و دڵنەوایی دراوسێکانیان، باشتر بەرگەی بێ دایك مانەوەیان بگرن. باوکیان تەنیا کەسێك بوو کە وەك دیوارێك مابۆوە و پشتیان پێدادابوو، کە باوکیان مرد ئەو دیوارەشیان ڕووخا.

### چۆنییەتی مردنی قادر

(قادر) کرێکاری کارگەیەکی بەرد شکاندن بوو، بەیانیان زوو دەچووە سەرکار و پاش نیوەڕۆیەکە دەستیان لەکار هەڵدەگرت، دەهاتەوە ماڵەوە. (قادر) و کۆمەڵێك کرێکاری تر بەشێوەیەکی فەرمی لەو کارگەیە وەکو فەرمانبەر دامەزرابوون، ڕۆژێك پێشینوەڕۆ بوو، خەریکی کارەکەی بوو، وەستا و کرێکارەکانی دی، خەریکی کاری خۆیان بوون، ئەویش خەریکی کاری خۆی بوو، لەو وەختە یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی کارگەکە بانگی دەکات، ئەویش کە لەسەر ئامێرەکە دەبێت، پێی دەڵێ وا دێم، بەڵام کارگێڕەکە دووپاتی دەکاتەوە کە کارێکی پێویستی پێیە و هەر ئێستا بێت باشترە، (قادر) کە لەسەر ئامێرەکە دێتە خوارەوە پێیەکی دەخلیسکێ و بەر دەبێتەوە و دەکەوێتە سەر زنجیر و ڕەوڕەوەی ئامێرەکە و شەت و پەتی دەکا و هەر ئەو دەمی هەتا فریای کوژاندنەوەی ئامێرەکە دەکەون، ئەو دەمرێت و حەیاتی لەبەر دەبڕێت، ئیتر وەستای سەر ئامێرەکە و بەڕێوەبەری کارگێڕی و یەك دوو کرێکار و وەستای تریش بۆ لێکۆڵینەوە بۆ ماوەی یەك دوو کاتژمێر لە بنکەی پۆلیس ڕادەگیرێن، دواتر کە دەزاندرێ ڕووداوەکە بە ئەنقەست نەبووە و کەسیش بە هەڵە نەیخزاندۆتە ناو ئامێرەکەوە، ئازاد دەکرێت.

### پاش ڕووداوەکە

کە ڕووداوەکە ڕوودەدات، پاشان بەڕێوەبەری کارگێڕی و بەڕێوەبەری ڕاستەوخۆی کارگە، دەچنە لای منداڵەکانی (قادر) و تەماشای ماڵیان دەکەن و ئەو پێداویستیانەی کەوەك هەر ماڵێك پێویستیان پێیەتی دەینووسن و پاشان لەسەر حسابی کارگە دەیکڕن و بڕێکی پارەی باشیش وەك قەرەبوو کردنەوەو دواتر موچەیەکی مانگانەش بۆ منداڵەکانیان دەبڕنەوە و، لەیەکێك لە بانکەکانیان بۆیان دایدەنێن و (رزگار) تێدەگەیەنن کە چۆن و لە چیدا ئەو پارەیە ڕاکێشن و مانگانە چەندی خەرج بکەن و بەردەوام بن لە خوێندن و کاری تر نەکەن، چونکە ئیتر پێویستیان بەپارە نییە بچن ئیش بکەن.

لە ڕووی ماددییەوە ژیانی منداڵەکان دابین کرا، بەڵام ئەی لە ڕووی سۆز و خۆشەویستی باوکایەتییەوە ئاخۆ منداڵ تەنیا پێویستی بە پارەوە نانێکە بیخوا و بژی؟ ئایا منداڵێك کە شەو دەخەوێت پێویستی بەوە نییە کەسێك هەبێ سۆزی دایکایەتی یان باوکایەتی پێبدا؟ لێرەدا ئەرکی (رزگار) زۆر گران و باری زۆر قورسە، بۆیە نازانین ئاخۆ هەتا سەر هەتا ئەو دوو برا هەتیوەی گەورە دەکات، بێ کێشە دەبن، تا سەر دەتوانێ ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرێ، کە لە بنەڕەتدا بەرپرسیارێتی ئەو نییە؟ ئەوە ڕۆژگار وەڵاممان دەداتەوە.

**ئایا (رزگار) هەتا سەر دەتوانێ دوو برا هەتیوەکەی گەورە بکات، تا سەر دەتوانێ بێ کێشە ئەو بەرپرسیارییەتییە هەڵبگرێ کە لە بنەڕەتدا بەرپرسیارییەتی ئەو نییە؟**

# گیـــــان لەدەســـــتدانی

### لەناو نەخۆشخانە

شەوێکی فێنکی وەرزی بەهار بوو کە کارمەندەکەی نەخۆشخانە لەگەڵ دەنگە دەنگـــی دەرەوەی هۆڵی نەخۆشـــخانە ئاورێکـــی دەرەوەی دایەوە، ئەو بۆخۆی هەفتەیـــەك زیاتر بوو کـــە یاریدەدەری پزیشـــکی ئێشـــکگر بوو، پتر پانزەساڵ دەبوو، لەم کارەیدا بوو، بەتایبەتیش کە لەو بەشانەی نەخۆشخانە چەندین ساڵ ئیشی کردبوو، بۆیـــە دەیزانی ئەگەر ئەو جۆرە دەنگە دەنگە و شـــڵەژاوییە لەناو حەوشە نەخۆشـــخانە هەبێ، گومانی تیا نییە، خەڵکی یا ئەوەتا کەسێکی نزیکی خۆیان هێنـــاوە مردووە، یان ئەوەتا نزیکە مردنە، لەبەر ئەوە ئەو برینەی کەلەسەر پێی ئەو نەخۆشە بوو کە لەسەرسەری ڕاوەستابوو خەریکی پێچانەوەی بوو، پەلەی لێکرد و زوو پێچایەوە و ڕێنماییە پزیشکییەکانی پێداو چووە لای کابینەی پزیشـــکەکان و ئـــاگاداری کردن کـــە حاڵەتێکی کتوپڕ بەڕێوەیە و وا خەریکە دەیهێننە ژوورەوە. (عەتا) ئـــەو یاریدەدەری پزیشـــکە کە ڕۆژی ڕووداوی مردنـــی (نەریمان)ی نۆزدە ســـاڵە لەناو هۆڵی نەخۆشـــخانە بووە و خۆی و پزیشـــك و کارمەندەکانی ئەو شـــەوە ئاگاداری حاڵەتی (نەریمان) بوون، بۆیـــە وردەکاری ئەو باســـە ئەو بۆمانی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ئەو شـــەوە کە لە نەخۆشخانە ئێشکگر بووم، کە من هەفتەی چوار ڕۆژ ئێشکگری دەکەم و ڕۆژانی تر پشوومە، نازانم چۆن بوو کە حاڵەتی کتوپڕ و ترسناکمان تا ئەو ساتە بۆ نەهاتبوو، کاتێك خەریکی تیمارکردن و پێچانـــەوەی برینی نەخۆشـــێك بووم، دیتم یەك دوو ئۆتۆمبێل لەناو حەوشـــەی نەخۆشـــخانە ڕایانگرتووە، شـــەش حەوت زەلام لێـــی هاتنە خـــوارەوە، ئیتر زانیم کە ڕووداوێکی کتوپڕی ترسناکمان بۆ هاتووە، پێش ئـــەوەی ئـــەوان بگەنە نـــاو هۆڵی نەخۆشـــخانە هەموو کارمەندەکانم ئاگادار کردەوە کە خۆیان بۆ حاڵەتێکی وەها ئامادە بکەن ئیتر بە چوار پێنج پیاوان گەنجێکی بێ هۆشـــی جلوبەرگ خوێناوییان لە ناو یەکێ لـــە ئۆتۆمبیلەکان هێنایە خوارەوە و بە پەلە هێنایانە ژوورەوە و لەســـەر یەکێ لـــە قەرەوێڵەکانیان دانا، یەکێ لە پیاوەکان هاتە پێشـــەوە و گوتی: دکتۆر توخوا زوو بگەنە فریـــای ئەگەر نەمردبێ باشـــە، هەموو لەشی بەخوێنە و خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە، پزیشکی ئێشکگر و من و یەك دوو کارمەندیش لێی چووینە پێشەوە، جلەکانیان لەبەرداکەند و ســـەیری سکیمان کرد، دەبینیـــن برینێکی گەورەی هەڵزڕان لەسکی هەیە و هەتا ناوەوەی سکی کوون کردووە. هەناســـەی لەبەر بڕابوو، پزیشك پشـــکنی و ترپەی لێدانـــی دڵی گرت، ڕووناکییەکی بەلایتێکی پزیشکی بچووکی لە چاوەدانی دا، فشاری خوێنمیان گرت، هەروەها داوای کرد کە پشکنینی دڵی بۆ بگیرێ و هێڵکارییەکەی بزاندرێ، کەچی هەر هەموو پشکنینەکان نێگەتیڤ و بێ وەڵام بوون، کە فشـــاری خوێنیم گرت، بە دکتۆرم گوت کە فشـــاری خوێنی سفرە، ئیـــدی بـــە تەواوەتی گەیشـــتە بڕیاری کۆتایی خۆی و پێی گوتن کەوا مردووە، ئەوان بەخۆیان دەســـتیان لەسەر دڵیان بوو، کە پێشیان گوترا مردووە بووە غەڵبەغەڵبێك نەبێتەوە. دەنگ و سەدایەکی زۆریان لێبەرز بووە و ئەو ناوەیان بەتەواوەتی هەراســـان و شـــێواند، ئیدی هێندەی پێنەچوو، دایك و باوکیشـــی بە لەخۆدان و شـــین و شەپۆڕ گەیشـــتن، (نەریمـــان) گەنجێکی مەیلە و لاوازی ڕەشـــتاڵە بوو، تەنکە ردێنێکی دەروێشـــانەی بەردابۆوە و حاڵەتی زوهد و تەرکە دنیایی پێوە دیاربوو، هۆی مردنی ئـــەوە بـــوو بۆرییەکی تەنکـــی تیژی لە ســـکی خۆی ڕاکردبوو، سکی خۆی پێ کـــون کردبوو، لە ژوورەوەو لە ناو ســـکیدا برینی گـــەورەی کردبوو، گەدە و ڕیخۆڵە و بـــۆڕی خوێنی گـــەورەی هەڵزڕاندبوو، ئیتر بە کاریگـــەری برینەکەی و بەهۆی خوێن لەبەر ڕۆیشـــتنی دەرەکی و ناوەکی، کوشـــتبووی، کاتێکیـــش گەیاندبوویانـــە نەخۆشـــخانە کار لـــە کارترازابـــوو، زۆر درەنگـــی پێچووبوو، کە هاتبوو دەمێك بوو مردبوو، دایکـــی بە لەخۆدان و خۆڕنینەوە گەیشـــتە ناو قـــاوش و ڕێنماییان کرد بۆ سەر تەرمی کوڕەکەی، بەڵام دیاربوو پێیان نەگوتبوو کەوا مردووە، بەڵکو هەر هێندەیان پێگوتبوو کەوا باری تەندروستییەکەی باش نییە و لە نەخۆشخانەیە، کە لەناو حەوشەی نەخۆشـــخانە ئەو هەموو خەڵکەی بینیبوو قەناعەتی تـــەواوی لەلا دروســـتبوو کە کوڕەکەی بەهۆی ئەو کارانەی کە دەیکات و ئەو و باوکی دەیانزانی بە مســـۆگەری ئەمجارە سەری خۆی خواردووە و مردووە. بـــە خۆڕنینەوە و لەخۆدان هاتە ژوورەوەو و هاتە ســـەر تەرمی کوڕەکەی و کە دڵنیا بـــوو مـــردووە هەر لـــەوێ لەهۆش خۆی چوو، بە ئاگایـــان هێنایەوە و خزم و کەس و کاری دیکەیـــان خڕبوونەوە و دایکەکەیان لە تەرمی کوڕە گەنجەکەی دوور خستەوە،

"نەریمان" گەنجێکی مەیلەو لاوازی ڕەشتاڵە بوو، تەنکە ردێنێکی دەروێشانەی بەردابۆوە، حاڵەتی زوهد و تەرکە دونیای پێوە دیاربوو

تا گەیشتە ئەوەی شتی تیژ و ئاسنی لە لەشی خۆی دەدا



# گەنجێک

کەسوکارەکەیان لە تەگبیری ئەوە دابوون چۆن و لە کوێ بیشۆن و بینێژن و ڕێورەسمی کفن و دفن کردنەکە چۆن ڕێکبخەن، یەکێ لە هاوڕێکانی (نەریمان) کە دیاربوو ئەویش وەکو ئەو وابوو جارجارە یەك دوو دڵۆپە فرمێسکی لەچاویدا دەهاتە خوارەوە و لە نزیك تەرمەکە راوەستابوو، جارجارەش سەیرێکی دەموچاوی (نەریمان)ی گیان سپاردووی دەکرد و سەری خۆی لە ئاست ئەو رووداوە جەرگبڕە دەلەقاند، بانگی ژوورەکەی خۆمم کرد و گوتم، ئەرێ برا چییە ئەوە شەڕی کردووە، شتێکی لە سك راکراوە پێی مردووە، بەسەرهاتی ئەم گەنجە و ئەم هەموو پیاوە قژدرێژ و بەریش و سمێڵانە چییە؟ بۆم باس بکە هەتا تەرمەکەی دەبەن و پۆلیس لێکۆڵینەوەی خۆی دەکات، ئەویش گوتی: چیت پێ بڵێم کاکی دکتۆر ئەو گەنجە کەناوی نەریمانە و مردووە هاوڕێیەکی نزیکی من بوو، رۆژانی پێنج شەممە پێکەوە دەچووینە فلانە تەکییە، شەوانە بۆخۆمان حەزمان دەکرد خوداناسی بکەین و بچینە تەکیە، جا لەکاتی جێبەجێکردنی سرووتەکاندا ئارەزوویەکی زۆرمان لە بیستنی هەندێ سرووت دەکرد لەوانە زەرگ و شیر و خەنجەر لە خۆدان و ئەو جۆرە شتانە، ئیدی وردە وردە (نەریمان) یش چووە ناو ئەو بازنەیە، تا گەیشتە قۆناغێك ئەویش دەچوو ناو بازنەی ئەوانەی کە ئەم جۆرە کارانەیان دەکرد، پاشان لە شتی سەرەتاییەوە دەستی پێکرد و بەرە بەرە کاری گەورەتر و ترسناکتری کرد، تا گەیشتە ئەوەی شتی تیژ و ئاسنی لە لەشی خۆی دەدا. هەرچەند پێمدەگوت (نەریمان) ئەو شتانە مەکە، تەنانەت ئەوانیتریش پێیان دەگوت کە سنوور نەبەزێنێت و شتی ترسناك نەکات و کاری وا نەکات لە دەرەوەی سروتەکانی ناو تەکییە بێت، بەڵام بە گوێی کەسی نەدەکرد، وەك ئەوەی ئاسنی ساردی بۆ بکوتی وابوو، ئەو هەر بەردەوام بوو، چەند جارێك دووچاری برینداریبوون و نەخۆش کەوتن هات، کەچی لەسەر کارەکانیشی هەر سوور بوو، ئەوە بوو ئەو شەوەی کە کارە ترسناکەکەی کرد و بووە هۆی گیان لەدەستدانی، لە هەموو جارانی تر خراپتر و سەرگەرمتر بوو، شەو کە کۆڕی زیکر و سروتی ئایینی دەستی پێکرد لە هەمووان زووتر گەرمتر و حاڵگرتر بوو، هێشتا کۆڕی زیکر لەناوەڕاستی خۆیدا بوو کە ئەو هەمووانی بە جۆشتر هێنا و خۆشی زۆر بەجۆش و خرۆشتر کەوتبوو، ئینجا دەستکرا بە شت لەخۆدان بەپێی سرووتی ناو تەکییە، کەچی ئەو دەستی دایە بۆڕییەك کە خۆم نەمزانی چۆن دەستی پێگەیشت یان کێ دایە دەستی یان چۆنی هێنا، بەهەرحاڵ هەر ئەوەندەم دیت کە هاوارێکی گەورەی کرد و بۆرییەکەی لە سکی خۆی چەقاند، ئەوجا لە جاران گەرمتر بەجۆش هات و یەك دوو خولی دیکەی داو هێواش بووە و پاشان بەو کەلەشەوە رمبەی لێوەهات و کەوت، وەختی کەوت کەم کەمە خوێنی لێوە دەهات، کاتێك خەڵکەکەی ئەوێ و ئەڵقەرێزەکە بەخۆداهاتن ئەو دەمێك بوو مردبوو، ئەوەبوو کۆڕەکە راگیراو هەموو سەرنجیان دایە (نەریمان) کە بێ هۆش و بێگیان کەوتبوو، پاشان هەندێك هەوڵیان لەگەڵ دا کە بە ئاگای بێنن، بەڵام ئەو لەمێژبوو بێ گیان کەوتبوو، بۆیە هەموو لایەك کەوتنە خۆ و بڕیاردرا بیبەنە نەخۆشخانە، جا کە هێنامان ئەوەبوو لێرە دەرکەوت کە مردووە، ئەوە بوو هۆی مردنی (نەریمان) کە دیارە گەنجێکی جوان و رێك و پێك بوو، جێی داخە کە ئەم کوڕە تاقانەی دایك و باوکیەتی وئەم رووداوەش کەسەرێکی گەورەیە بۆیان و هەردووکیان قەدەمیان شکاوە و هەرکەسێك تەماشایان بکات بەزەیی پێیان دێتەوە.

رۆژانی پێنج شەممە پێکەوە دەچووینە فلانە تەکییە، شەوانە بۆخۆمان حەزمان دەکرد خوداناسی بکەین و بچینە تەکیە

نەریمان یش چووە ناو ئەو بازنەیە



## لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# ژیانی ژنێکی وەفادار و پیاوێکی خیانەتکار بەچی گەیشت؟



### ژنێکی پڕ لە درۆ

جارێ (دڵشـــاد) هەر لەبــەردەم دەرگای ژووری دادوەر وەستابوو، جارجارە لە ژێرەوە بە تیلەی چاویش ســەیرێکی (گوڵناز)ی ژنی دەکرد و پڕ بــە دڵ حەزی دەکرد بچێتە لای ژنەکەی و نەك داوای لێبوردن بەڵکو تۆبەشی لەسەردەستی بکات، بەڵام پاش چی، هەروەك بەخــۆی دەوتەوە تازە ئــەو ژنە وەك گۆزە کە شــکا چاك نابێتەوە، دلیٚ وەها شــکاوە چاك بوونەوەی بۆ نییە. (دڵشاد) پاڵی بە دیوارەکەوە نابوو لەناخییەوە کەوتبــووە گفتوگۆ لەگەڵ خۆیــدا و خۆی دەخــواردەوە و جارجارەش پڕ بەهێــزی ددانەکانی لێــوی خۆی دەکرۆژت. (گوڵناز) لەگەڵ پارێزەرەکەی راوەســتابوو و راوێژیان لەســەر کێشەکە دەکرد. چەند جارێك پارێزەرەکەی (گوڵناز) بە جێدەهێشت و سەری لە ژووری قەڵەمــی دادگا دەدا، بزانێ داخۆ دادوەر دەوامی رۆژانەی خۆی دەستپێکرد یان نە. ئا لەم بەینانەدا (دڵشــاد) زۆری لەخۆی دەرکرد و غیرەتی دەدایە بەر خۆی بچێتە لای (گوڵناز)ی هەرچی وشەی بەهێز و کاریگەر هەیــە بەکاری بێنێ بۆ ئەوەی (گوڵناز) لێی خۆش بێ و دەســت لە داواکەی هەڵبگرێ و لەگەڵی ئاشــت بێتەوە. بەڵام هەر جارەی کە دەیویســت بچێتە لای پارێزەرەکەی دەهاتەوە لای و نەخشــەکەی پوچەڵ دەبۆوە و لەگەڵ یەکەم هەڵگرتن، دووبــارە دەگەڕایەوە دواوە و بە کــزی و لاتی پاڵی بە دیوارەکەوە دەنایەوە، ئەمجارە رێککەوتێکی ســەیر هاتە پێشــەوە، دیاربــوو پارێزەرەکــە لــە ژووری قەڵەمــی دادگاوە پێی گوترا بــوو کەوا نیو کاتژمێری تر دادوەر دەگاتە ژووری خۆی، چونکە پێش ئەوەی دەســتبەکار بێ وەك رۆژانی ئاسایی، کۆبوونەوەیەکــی لــە دادگایەکــی باڵاتر بۆ هاتۆتە پێش و نیو کاتژمێرێك درەنگ دەکەوێ. پارێزەرەکە داوای روخســەتی لە گوڵناز کرد کە ئەو لــە ژووری پارێزەران چاوەڕێی دەکات دادوەر دێــت. (گوڵناز) بەتەنیا مایەوە و چوو لەســەر کورســییەك لە هۆڵی گشتی دادگا دانیشــت. (دڵشــاد) ئەمەی بە دەرفەتێکی زێڕین زانی و بێ ســێ و دوو لێکردن خۆی گەیانــدێ و داوای لێکرد مۆڵەتی بداتێ کە گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، کەچی (گوڵناز) گوتی: من و تــۆ هیچمان لە نێواندا نەماوە، گفتوگــۆی چی و شــتی چــی.. تۆ تازە لــە ژیانی مندا دەرچــووی و ببڕای ببڕای ناگەڕێمــەوە لات و هەرچی ماف و هەقێکم هەبــێ لات، بەدادگا وەریدەگرمەوە و تەڵاقی خۆشم لە دادگا وەردەگرم. (دڵشاد) بەو قسانە کۆڵێك خەمبــار بوو، بــەڵام ورەی بەرنەدا، هێشتا تروســکایی ئومێدێك لە دڵیدا مابۆوە کە (گوڵناز) لێی ببورێت و ئاشــت ببنەوە و دووبارە ژیانێکی تازە دەستپێبکەنەوە و رابردوو لــە ژیانیاندا رەش بکەنــەوە، بەڵام (گوڵناز) هەڵوێســتی خۆی نەدەگۆڕی و ســوور بوو لەســەر بڕیاری خۆی. (دڵشاد) هەر هێندەی زانی پارێزەرەکەی پەیدا بۆوە، ئەو خۆ چی وای نەگوتبوو کە ئەو پارێزەرە دیسان سەروکەللەی پەیدابۆوە،(گوڵناز) کە چاوی بە پارێزەرەکەی کەوت یەکسەر هەستا و رۆیشت و (دڵشاد) بێ ئومێدانە سەیرێکی کرد و ئەویش دوای ئەوان ملی رێگەی گرتەبــەر. دیاربوو دادوەر چوو بۆووە ژوورەکەی خــۆی و ئەوانیش بە دوایدا

چوونـــە ژوورەوە. دادوەر ســـەیرێکی تۆمار و فایلەکانی بەردەمی کرد و دیتی فایلی ژمارە (٤١٥٠) کە هی کێشەی نێوان (گوڵناز) وەك داواکار و (دڵشـــاد) یش وەك داوالێکراو بوو، پارێزەرەکەی ژمارەی داواکەی خۆی وەرگرت و هەمووی لای خۆیان ئامادە کرد بۆ بینینی داواکە. دادوەر داوای لێکردن کە بێنە پێشەوە، دوای تۆمارکردنی داواکە و بەڵگە یاســـاییە پێویســـتەکان، دادگا داوای لە (گوڵناز) کرد کە هۆی داواکردنی جیابوونەوەکە بە وردی و دیاریکراوی روون بکاتەوە.

(گوڵناز)یش کە دڵی پڕ ببوو، فرمێســـك لە چاوەکانیـــدا قەتیس مابۆوە، لەدڵی خۆیدا مردنی پێخۆشـــتر بوو لەوەی لەبەردەم دادگا بووەســـتێ و داوای جیابوونـــەوە لە مێردی بکات و بە دەســـتی خۆی ماڵی هاوسەرێتی خـــۆی تێکبدات، ئـــەو کە مێـــردی خۆی زۆر خۆشدەویســـت و بەخۆشەویستی ژیانی هاوســـەرێتی لەگەڵ پێکهێنـــا، بەڵام دوای ماوەی تەنیا دوو ساڵ ئێستا وا کەوتۆتە بارێك دەبـــێ لەپێـــش دادوەردا داوای جیابوونەوەی لێبکات، بە کورتی ئەو پیاوە وەك هاوســـەرێك رەتبکاتەوە. دەمێك قورگـــی گیرا و توانای قســـەکردنی نەبوو، دادوەر سەیرێکی کرد و لە حاڵەتەکەی گەیشـــت، بۆیـــە پێم گوت کچم شـــەرم مەکە، ئێرە دادگایـــە و داوای مافی خـــۆت دەکـــەی. داواکردنـــی مافیش هیچ شـــەرمێکی ناوێ. بەبێ دوو دڵی و شـــەرم چیت هەیە بیڵێ.

(گوڵناز)یش تۆزێك هاتەوە ســـەرخۆیی و هەندێك ورەی هاتەوە بەر و شـــەرمی شـــکا، ئینجا دەســـتی بە قسەکرد و گوتی: جەنابی دادوەر مـــن و مێردم بەخۆشەویســـتی ژیانی هاوســـەرێتیمان پێکەوە نا. حاڵمان باش بوو، ژیانێکی هێمن و ئارام و پڕ لە خۆشەوسیتیمان هەبوو، ئەمە بەم شـــێوەیە درێژەی کێشـــا تا نزیکەی ساڵێك بەسەر هاوسەرێتیمان داڕەتبوو، مـــن فەرمانبەرم و ئەویش لە فەرمانگەیەکی دیکە فەرمانبـــەرە، رۆژێك زووتـــر لە دەوام گەڕامـــەوە بینیم جووتێك پێـــڵاوی ژنانە لە دەرگای پشتەوەیە، کە چوومە ژوورەوە، دەبینم لەگەڵ کچێك دانیشتوونە و قاقا پێدەکەنن، کە چوومە ژوورەوە هەردووکیان شلەژان و تێکچوو، گوتم ئەوە چییە؟ ئیتر ئەویش ســـەد پاکانەی بۆ هێنامەوە کە میوانمانە و کچێکی باشـــە و ئەوەندە هەیە کچێکی تێکەڵاو و کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵێك لەو پاســـاوانە، بەهەر جۆرێك بێت رازی کردم. ئەم حاڵەتە جارێکی تریش دووبارە بۆوە، منیـــش کچەکەم لە ماڵەکـــەم دەرکرد و ئیتر ئەویش لەســـەر ئـــەو دەرکردنە کردیە هەراو هۆریایەك نەبێتـــەوە، رۆژانەش نامەی دڵداری و عەشقبازی بۆ مۆبایلەکەی دەهات، وایلێهات جگە لەم کچە ژنی تریشی بە دزی دەهێنایەوە، منیش کە ژنەکانم دەردەکرد، ئەو لە جیاتی ئەوەی بەڵێن بدات دووبارەی نەکاتەوە کەچی قەرزاری دەکردمەوە گوایە من بێڕێزی بەرامبـــەر بە میوانەکانـــی دەنوێنم و بەهیچ شێوەیەك دانی بە هەڵەکانی نەدەنا. تا رۆژێك لە ژووری نووســـتن، خۆی و ئافرەتێکی ترم بـــە رووتی بینی، منیش بە کڕی و بێدەنگی چوومەوە ماڵی باوکـــم. دایکم گوتی: کچم چیتە بۆ وا مات و مەلوول دیاری، خۆ لەگەڵ (دڵشاد) نەبۆتە ناخۆشیتان؟ منیش گوتم: نا نەخێر تەنیا بەخۆم تۆزێـــك بێتاقەتم، ئەویش نەدەهاتە دوام تا دوو سێ هەفتەی پێدەچوو، ئینجـــا دەهاتە ماڵی باوکم و دەیگوت، ئەرێ تۆ تێر دایکت نەبووی؟ منیش بەســـەرخۆمدا نەدەهێنا و رازەکەم ئاشـــکرا نەدەکرد، ئیتر بۆ ئەوەی ژیانی هاوسەرێتیمان تێکنەچێت، ملی رێگەم بۆ ماڵەوە لەگـــەڵ دەگرتەبەر. بەڵام هیچ قسەیەکم لەگەڵی نەدەکرد، ئیتر ماوەیەك وازی لـــەم رەفتارانەی دەهێنا،بەڵام پاشـــان دووبـــارەی دەکردنـــەوە، زۆرم هەوڵ لەگەڵیدا کە ژیانی هاوســـەرێتی و ماڵی هاوسەرێتی تایبەتمەندێتـــی و رێـــز و حورمەتی خۆی هەیـــە، ناکرێ هەموو جارێـــك ئەو حورمەتە بشـــکێنێ و هەست و رێزی منیش بشکێنێ. دواجار هەمان شتم لێبینییەوە، بۆیە منیش بە یەکجارەکەی بەجێم هێشت و هەموو شتێکم بە باوکم و دایکم گوت و بڕیارمدا لێکجیابینەوە. کە (گوڵناز) قســـەکانی تـــەواو کرد، دادوەر پوختەی قســـەکانی بە یاریدەدەرەکەی خۆی گوت کە بینوســـێتەوە و لە داواکەدا تۆماری بکات. دادوەر رووی پرســـیاری لە (دڵشاد) کرد کە ئایا قسەکانی ئەو چییە؟ کەچی ئەو تەنیا گوتی: من نامەوێ لێکجیابینەوە. هەر هەڵەیەکم بەرامبەری کردبێت داوای بەخشینی لێدەکەم، دادوەر داواکەی دواخست بۆ کاتێکی تر و رەوانـــەی لای لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی کردن بۆ ئەوەی وتەی هەردووکیان وەربگرێت و بزانێ ئەگەر بکرێ ئاشـــت بکرێنەوە، بەڵام پارێزەرەکـــەی (گوڵنـــاز) گوتـــی: جەنابی دادوەر مێـــردی (گوڵنـــاز) ئەو قســـانەی (گوڵناز)ی رەتنەکردەوە و بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ دانی پێدانا، بۆیە داوا دەکەین بڕیـــاری جیابوونەوەیـــان دەربـــکات، بەڵام دادوەر هەردووکیانـــی رەوانەی لای توێژەری کۆمەڵایەتی کرد.

**دەرئەنجامی کێشەکە**

لێکۆڵینـــەوەی توێـــژەری کۆمەڵایەتـــی لەگەڵ هەردووکیان گەیشـــتە ئەو ئەنجامەی کە خەتاباری ســـەرەکی (دڵشاد)ە، هەرچەندە بەراســـتەوخۆ دان بە هەڵەکانی نانێت، بەڵام سوورە لەســـەر داوای لێبوردن و پێکهاتنەوەو چوونەوە ماڵی هاوسەری.

دادبینییـــەکان و دانیشـــتنەکانی دادگا درێژەیان کێشـــا و دوا دانیشتن دیاری کرا بۆ ئەوەی قســـەی کۆتایی هەردوولا ببیسترێت. پارێزەرەکەی دووپاتـــی داواکانی (گوڵناز)ی کـــردەوە و داوای کـــرد کـــە دادگا بڕیاری لێکجیابوونەوەیـــان دەربـــکات. ئینجا دادوەر رووی دەمی لە (دڵشاد) کرد کە قسەی خۆی بکات. ئەویش گوتـــی: هەرچیم کردووە لێی پەشیمانم و هەرچی ژنەکەشم گوتوویەتی بە زیادەوەش راستە. من نرخی ژیانی هاوسەرێتیم نەدەزانـــی، هەتـــا ژنەکەم نەهاتـــە دادگا و هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی خۆی وەرنەگرت. کە لێم توراو زیز بوو، نزیکەی (٤) مانگان ماڵی هاوسەرێتی بەجێهێشت ئینجا هاتە دادگا، ئەو لەسەر هەقە و من پێم لە هەستی ئەوناوە.، ئەو قســـەیەی کە زۆر کاری تێکردم ئەوە بوو کە گوڵناز پێگوتم: ئەگەر تۆ من لەگەڵ پیاوێك ببینی قبـــوڵ دەکەی؟ ئەو قســـەیە بۆ من وەکو شـــۆکێك وابوو، ئێستا ئەو چی بڵێ من راوەستاوم، هەر بەڵێنێك بیەوێ هەر داوایەکی هەبێ جێبەجێی دەکەم تەنیا داوای جیابوونەوە نەکات. داوای لێدەکەم تەنیا ئەمجارە دەرفەتم پێبدات و ئاشـــت بێتەوە. دادوەریش سەیرێکی (گوڵناز)ی کرد و گوتی: ها کچم تۆ دەڵێی چی؟ بەڵام (گوڵناز) لەســـەر بڕیاری خۆی ســـوور بوو، دادوەر داوای کرد کە هەموویان بچنە دەرەوە تەنیا (گوڵناز) بمێنێتەوە، ئینجا بە تەنیا قسەی لەگەڵ کرد و داوای لێکرد کە میهرەبان بێ و ئەمجارەش هێمنتر و ئاقڵانەتر بڕیـــار بدات و گیانی لێبوردنی هەبێ، مادام مێردەکەی بەمجۆرە لاوازییە دانی بە هەڵەکانی خۆیدا دەنێ و بەڵێن دەدات کە خۆی بگۆڕێ و هەرگیـــز رەفتارەکانـــی پێشـــووی دووبارە نەکاتەوە، بەهەرحاڵ پتر لە چارەگە سەعاتێك قســـەی لەگەڵ (گوڵناز) کرد تا رازی کرد دەســـت لە داواکەی هەڵبگـــرێ و پێك بێنەوە و بچنەوە ماڵی هاوسەرێتی خۆیان. ئیتر بەم شێوەیە هەڵوێستی گوڵناز و بێدەنگ نەبوونی لەسەر هەڵەکانی مێردی بووە وانەیەك بۆ ئەو مێردەی کە رێزی لەماڵ و ژیانی هاوسەرێتی خۆی نەدەگرت و ناچاری کرد دەستبەرداری کارە نابەجێییەکانی بێت.

ژیانی هاوسەرێتی و ماڵی هاوسەرێتی تایبەتمەندێتی و رێز و حورمەتی خۆی هەیە

هەرچی (گوڵناز) گوتوویەتی هەمووی راستە، من بەهای ژیانی هاوسەرێتیم نەدەزانی تا ژنەکەم نەهاتە دادگا و هەڵوێستی یەکلا کەرەوەی خۆی وەرنەگرت



# ئەو ژنەی کۆرپەیەکی لە سکی دایکیدا کوشت!

## ناکۆکی نێوان دوو دراوسێ

ماڵی (مەجید) و ماڵی (موراد)، تەنیا دیوارێکییان نێوان بوو، هەردوولا بێ منداڵ بوون، ژنی هەردوولاشیان چاویان بەیەك هەڵنەدەهات و هەمیشە مۆڕەیان لەیەك دەکرد

لە هەر رێگە و جێگەیەك بانە، لای خەڵکی زەم و زەمکاری یەکتریان دەکرد، تەنانەت وایلهاتبوو تەقەیان لە سێبەری یەکتر دەکرد، هەموو ئەو ناکۆکییەش (گوڵیزار)ی ژنی (مەجید) دروستیکردبوو، ژنی موراد کە ناوی (پەرژین) بوو بەتەمەن چوار پێنج ساڵان لە (گوڵیزار)بچووکتر بوو، بەڵام بە تەنیا بچووك نەبوو، بەڵکو جوانتر و رێکوپێکتر و خاوێنتریش بوو، ماڵی (گوڵیزار) هەمیشە دەتگوت گوڤەك خانەیە، لە ژوورەوە دەگری تا بەردەرگایان بەردەوام پیسبوو، ژنە منداڵی نەدەبوو، دەر و جیرانان دەیانگوت نەزۆکە، بەڵام کەس نەیدەزانی نەزۆکییەکەیان هی ئەوە یان هی مێردەکەیەتی، چونکە کەس نەیدەوێرا باسی منداڵ نەبوونیان لەگەڵدا بکاتەوە، ئیرەیی دنیاشی بەو کەسمە دەبرد تەنانەت یەك منداڵیشی ببوایە ماڵی (گوڵیزار) پێشتر لە کۆڵانەکە بوون، واتە پێش ئەوەی ماڵی (پەرژین) بێتە تەنیشتیان ئەوان چەند ساڵێك دەبوو لەوێ بوون(گوڵیزار) هەر وەك (شەونم)ی دراوسێیان دەیگێڕێتەوە و دەڵێ (ئەو ژنە تەبیعەتێکی توند و زۆر خراپی هەبوو، حەزی لێبوو خۆی لە هەموو شتێك هەڵقورتێنێ، کە منداڵیشی نەبوو زۆر بە منداڵی خەڵکی قەڵسی دەبوو، ئەوەشمان لەوەڕاهەست پێ دەکرد کاتێك ئەگەر منداڵ لە ناو کۆڵان تۆزێك بە یاری کردن دەنگیان دەربهاتایە، دەیکردە هەرایەك نەبێتەوە، هەموویانی



دەردەکرد و منداڵەکانیش لە ناچاریان دوور دەکەوتنەوە و لەولا یاریان دەکرد، گەورەترین کێشەی ئەو ژنە منداڵ نەبوون بوو، ژنە کە منداڵی نەدەبوو، نەماندەزانی خەتایی خۆیەتی یان مێردەکەیەتی، رق و کینەی خۆی بە ژنەکانی دەر و دراوسێ دەردەکرد، کە ماڵی (پەرژین) هاتنە کۆڵانەکە هەفتەیەکی نەبرد کەوتە پەڵپ و بیانوو پێگرتنی، بەتایبەتیش کە زانیبووی ژنە تازە مێردیی کردووە و تازە منداڵێکی لەبەرچووە.

## شەڕ و لێکدانی دوو ژنە دراوسێ

سەبارەت بە کێشەی ئەم دوو ژنەش(شەونم) بەمشێوەیە ناکۆکییەیان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: یەك دوو جارێك ئەوانە لەبەر دەرگا بووە دەنگە دەنگیان و ئیتر لەو ساوە ناکۆکی کەوتە نێوانیان، چەند جارێك قسەیان لەگەڵ یەك تەرك کرد و دواتر(گوڵیزار) بە هەر رێگەیەك بایە خۆی لە (پەرژین) دەگەیاندەوە و قسەی لەگەڵ دەکردەوە، بەڵام (پەرژین) لەو شێوازەی (گوڵیزار) بێزار دەبێ ئیتر بەهیچ شێوەیەك خۆی لێ ناگەیەنێ واتە بە تەواوەتی فەرامۆش و ئیهمالی دەکات، وەك ئەوەی هەر دراوسێش نەبێت، ئەم بەزمە یەك دوو مانگ دەخایەنێ و(پەرژین) سکی دەبێ، دوو سێ مانگ رەتدەبێ ئەوجا(گوڵیزار) دەزانێ کە(پەرژین) سکی هەیە، ئیدی لە هەژمەتا هێندەی دیکە لێی دەکەوێتە رق و کینە(موراد)یش بە بەزمەکە دەزانێ بۆیە بڕیار دەدەن کە هەر منداڵەکەیان ببێت ئیتر ئەوان لەدەست(مەجید) و (گوڵیزار)ی ژنی خانووەکە دەفرۆشن و بە یەکجارەکی بار دەکەن، پاش نیوەڕۆیەك دەنگە دەنگ لەبەر دەرگای هەردووکیان بەرزبۆوە، ئێمەش هاتینە دەرێ بزانین چی بووە، کە سەیرمان کرد دەبینین (پەرژین و گوڵیزار) شەڕە قسەیانە و دەستیان ناوەتە تیتکی یەکتر و بە پێڵاو مەترەق لەیك دەدەن، هەتا ئێمە چووین لێکیان بکەینەوە بە چاوی خۆمان دیتمان کە(گوڵیزار) مەترەقی لە دەستە، هەتا هێزی تێدابوو رایوەشاند و لە سکی (پەرژین) دا و ژنە زیرەیەکی لێهەڵسا و دەموودەست بەربۆوە، کە بەربۆوە (گوڵیزار) رەنگی لەبەر نەما و زراوی چوو، یەکسەر هەڵات، بۆ کوێ چوو؟ نەمانزانی ئیتر تەلەفۆن بۆ (موراد)ی مێردی (پەرژین) کرا و دوای چەند خولەکێك گەیشتە سەر ژنەکەی و بە پەلە لەگەڵ دەر و دراوسێ گەیاندیانە نەخۆشخانە.

## گرتنی گوڵیزار

پۆلیسی نەخۆشخانە گوفتاری (موراد)ی وەرگرت و ئەو قسانەی کە دراوسێکان لە رێگای گەیاندنی ژنەکەی بۆ نەخۆشخانە پێیان گوتبوو، بە لێکۆڵەرەی دادی گوت، ئەوانەی کە لەگەڵ موراد هاتبوون و یارمەتیان دابوو ژنەکەی بگەیەنێتە نەخۆشخانە، گوفتاری ئەوانیش وەك شایەت وەرگیرا( پەرژین) حاڵی زۆر شڕ بوو، پزیشکەکان یەکسەر بردیانە ژووری نەشتەرگەری، ژنە، منداڵەکەی لە سیکدا مردبوو، دەبوو منداڵەکەی بە نەشتەرگەری دەربێنن، دوو سێ کاتژمێر لە نەشتەرگەری مایەوە ئینجا کە نەشتەرگەریەکەی تەواوبوو بە سەرکەوتوویی لێی دەربازبوو هێنایانە دەرەوەو ناردیانە هۆڵی چاودێری چر، رۆژی دواتر ئینجا بە خۆهاتەوە لێکۆڵەرەوەکە گوتبووی ئەگەر بەخۆ هاتەوە ئاگادارم بکەنەوە(موراد)یش و کەسوکارەکەیان ئاگادارکردبۆوە، ئەویش چوو گوفتاری وەرگرت و لە لێکۆڵەرەکەی گەیاند کە ژنێکی دراوسێیان بە دارێکی ئەستوور لە سکی دایە و منداڵەکەی لە ناو سکیدا کوشتووە، (گوڵیزار)یش چۆن خۆی بزرکردبوو، هەروا خۆی بزرکردبووە نە خۆی و نە مێردی نەوێرابوون بچنەوە ماڵ، دوای دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردنی، پاش سێ رۆژ لە دوای رووداوەکە دەستگیر دەکرێ، سەرەتا نکۆڵی دەکات کە مردنی منداڵەکەی بەهۆی ئەوەوە بووە، بەڵام دواتر بەهۆی قسەی شایەتەکانەوە دان بەوە دادەنێ کە لەشەڕەکەدا دارێکی لە سکی ژنەکە داوە و زانیوویەتی کەسکیشی هەیە، بەڵام ئەو رووداوەکەی دەبردە قاڵبی قەزا و قەدەر، (گوڵیزار) دەخرێتە بەندیخانە و لێکۆڵینەوەش بەردەوام دەبێ تاوەکو تەواوبوونی، ئینجا پەراوەکەی رەوانەی دادگای تاوان دەکرێت، دانیشتنەکانی دادگا چەند جارێك دەخایەنێ و گوفتاری ( پەرژین) وەك تاوانلێکراو و خەڵکی گەڕەك وەك شایەتحاڵی رووداوەکەش، وەردەگیرێت و دەمێنێتەوە رۆژی بڕیاردان، لەو ماوەیدا مێردی (گوڵیزار) و کەسوکارەکەی هەر چەند هەوڵدەدن سوڵح و ئامادەیی دەردەبڕن کە لە بری لەبارچوونی کوڕپەکە قەرەبووش بدەنەوە، بەڵام نە(پەرژین) و نە(موراد)یش ئامادەیی سوڵح کردن نابن، بۆیە کاتێك دوا رۆژی دادگاییکردن دیاری دەکرێت و هەموولا ئامادە دەبن، دادگا بڕیار دەردەکات بە زیندانی کردنی (گوڵیزار) بۆ ماوەی سێ ساڵ و قەرەبووکردنەوەی (پەرژین) بە قەرەبووی مادی لە دادگای شارستانی.

**دادگا بڕیاردەدات بە زیندانی کردنی(گوڵیزار) بۆ ماوەی سێ ساڵ و قەرەبووکردنەوەی (پەرژین) بە قەرەبووی ماددی لە دادگای شارستانی**





# دڵسۆزنەبوون بۆ ژیانی هاوسەرێتی

خـۆت دەزانی نزیکەی سـالێکە من لەگەڵ (هـاژە) ژیانـی هاوسـەرێتیم پێکهێناوە، کاکە هـەر لە مانگی یەکەم و دووەمـەوە مـن لێیکەوتمـە گومان، ئاخر گومانەکەشم بـە خۆڕایی نەبوو، هەر لەسـەرەتاوە مۆبایلەکەی ئەو تۆوی گومانـەی لا چاندم، من قەت پێمخۆش نەبووە چاودێـری تەلەفۆنەکانی بکەم، بەڵام هەڵسـوکەوتەکانی گومانی خستە دڵمەوە، هەموو جارێ نامەی بۆ دەهات، نامەکان باسـی خۆشەویستی و عەشق و ئەڤین بـوون، یان تەلەفۆنی بۆ دەهات و ئەویش دەیگوت ئەوە (گەلاوێژ)ی هاوڕێمە یان (ئەڤین)ە یا فلانەکەس، ئینجا دەچووە دەرەوە لە حەوشـەکە دادەنیشت و قسەی دەکـرد، دیـارە ژمارەکانیشـی بەناوی کچەوە تۆمارکردبوو، رۆژێك مۆبایلەکەی لـە ژوورەوە دانابوو، خۆشـی چووبووە مەتبەخەکـە، مۆبایلەکـەی کردبـووە بێدەنـگ و تەنها گلۆپەکـەی پێدەبوو منیش هەڵمگرت و بێئەوەی قسـە بکەم، دەنگێك کەهی پیاوێك بوو قسـەی کرد، لەمەوە زانیم کە پیاوێکە کە قسەم نەکرد هەر زوو دایخستەوە کە سەیری ژمارەکەیم کرد دەبینم بەناوی (ئەڤینە وە تۆمارکراوە، ئیتر منیـش لای (هاژە) باسـم نەکرد، چاودێرییەکی بەردەوام و نهێنیم لەسەر دانا، ئەو رۆژە قسـەم نەکرد، شەو کە چووینە سەر جێگە ئەو رۆژە زۆر ماندووبووم هەر زوو خەوم لێکەوت، دەوری کاتژمێر (٢)ی دوای نیوە شـەوبوو، کە لەبەر تینوێتی بە ئاگا هاتـم و دەبینم (هاژە) لەسـەر جێگاکـەی نەماوە، گوێم هەڵخسـت و چاوەڕێم کرد هیچم نەبیست، بە ئەسپایی دەرگام کـردەوە و چوومـە دەرەوە دەبینم بە چرپـە لەبن هەیوانەکە دانیشـتووە و مۆبایل بە گوێیەوەیە قسە لەگەڵ کەسێك دەکات، چەندی هەستم راگرت نەمزانی چی دەڵێ، گوتم ئەوە لەگەڵ کێ قسـە دەکەی بەم شـەوە، هەر کە ئەو پرسیارەم لێکرد یەکسـەر راچەنی و مۆبایلەکەی لـە دەسـت بەربۆوە و ئەوەی قسەشـی لەگـەڵ دەکرد گوێی لـە دەنگی من و بەڕوونەوەی مۆبایلەکە ببوو بۆیە هەر زوو دایخستبوو.

ئیتـر دەبینـم هەمـان ژمارەیەکـە بەناوی (ئەڤیـن)وە تۆمـاری کردبـوو، بەمشەوە بووە مشتومڕ و دەنگە دەنگمان، ئیتر مۆبایلم لێسـاند و سـیم کارتەکەیم لێوەرگرت.

تا نزیکـەی هەفتەیەك بەمشـێوەیە رۆیی، کەچی دووبارە دەبینم بێ ئەوەی بـە منیش بڵـێ سـیم کارتێکی تری کڕیووەتەوە، چەند جارێك هەمان مشتومڕ و ناکۆکی پەیدابۆوە.

دواجار بڕیارمدا بچێتەوە ماڵی باوکی، دوو رۆژ پاشتر باوکی بانگی کردین و لە هۆی کێشـەکەمانی پرسی، منیش رێك و رەوان کێشەکەم بۆی باس کرد، ئەویش گوتـی تۆ بڕۆوە من خـۆم دەزانم چۆن چارەی دەکەم، پـاش چەند رۆژێکی تر باوکی لە دوای ناردم منیش چوومەوە لای و گوتی: کـوڕم دەزانم کچەکەم هەڵەی کردووە، کە بە تـۆی نەگووتووە لەگەڵ کێش قسـەی کردووە، بەڵام سوێندی بۆ خواردووم کە ئەو لەگەڵ ژنێکی ناسیاوی خۆمان قسەی کردووە و ئەو ژنە کێشەی لەگـەڵ مێردەکەی هەبـووە بۆ ئەوەی (هـاژە) ناوبژیوانیان لەگەڵ بکات، من بەم قسـەیەی باوکی زۆر سەرم سوڕما، گوتم یـا ئەوەتا باوکی بۆی پەردە پۆش دەکات یانیش سـاویلکەیە و بە قسـەی





(نازم) ئێوارەکەی پێش ئەوەی بڕیاری یەکجارەکی خۆی لە بارەی دوا ڕۆژی ژیانی هاوسەرێتی خۆی و (هاژە) ی ژنی بدات، ژوانێکی هەبوو لەگەڵ (ئاسۆ)ی پارێزەر و هاوڕێی، ژوانەکەیان لە کافتریایەکی شار بوو، لە کاتی دیاریکراودا (ئاسۆ) گەیشت و دەستیان بە گفتوگۆ لە بارەی کێشەکەوە کرد و یەکەم پرسیاری سەرەکی (ئاسۆ) ئەوەبوو کە بۆچی دەیەوێ لە ژنەکەی جیابێتەوە و تەڵاقی بدات، (نازم) بەر لەوەی وەڵامی (ئاسۆ) بداتەوە داوای دوو چای کرد و پاکێتی جگەرەکەشی دەرهێنا و جگەرەیەکی داگیرساند و دوو سێ قومی بە قوڵی لێدا و ئەوجا بەمشێوەیە وەڵامی هاوڕێ پارێزەرەکەی دایەوە و گوتی:

کچەکەی خۆشباوەڕانە باوەڕی هاتووە، بەهەر حاڵ پاش مشتومڕێکی زۆر و بە چەند شەرت و شروتەوە بردمەوە، بەڵام لە ماڵەوە هیچ خۆم تێنەدەگەیاند، سێ چوار هەفتە خستبوومە ژێر چاودێری خۆم ئەویش چاك دەیزانی کە چاودێری دەکەم بۆیە بە وریاییەوە هەڵسوکەوتی دەکرد شتێکی وای نەدەکرد کە گومانی لێبکەم، بۆیە ماوەیەك وام نیشاندا کەوا چاودێریم زۆر لەسەری کەم کردۆتەوە.

ئیتر دوای ماوەیەك دەستی بە بەزمەکە کردەوە و وەکو دەڵێن خووەکەی دەست پێکردەوە، لەبەر ئەوە منیش ناچاربووم لەگەڵ باوکم و دایکم باسی ئەو کێشەیە بکەم و بە یەکجارەکی بیبڕێنمەوە، باوکم لەگەڵ ئەوە نەبوو تەڵاقی بدەم یان ژنێکی تری بەسەر بێنم، **کێشەکەش ئەوەبوو ژنە لە هیچی کەم نییە و کەچی ئۆقرە ناگرێ و ڕێز لەو ماڵە ناگرێ کە تیایدایە و بە ماڵی هاوسەرێتی دادەنرێت،** ئەو هەر لەسەر ئەم ڕەفتارانە بەردەوام بوو، هەوڵی زۆرم لەگەڵیدا و بزانم کێشەکانی چییە و بۆ وادەکات لەگەڵ ئەوەی من کە مێردیم کەچی قسە لەگەڵ پیاوی دیکە دەکات، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر ناڕاستی و درۆکردن، بەم بۆنەوە دووجاری تر ڕەوانەی ماڵی باوکی کردەوە، نەخۆی چاك بوو نە باوك و دایکیشی چاکیان کرد، بە کورتی بە مۆبایل لەگەڵ پیاوی دیکە قسەی دەکرد و لەگەڵ ئەوەش کە بەسەر قسە کردنەوە دەمگرت نکوڵی لێدەکرد و هەوڵی دەدا قەرزاریشم بکاتەوە.

لەبەر ئەوە دواجار بڕیارمدا کە من و ئەو ژنە لە یەك جیاببینەوە زۆر باشترە لەوەی بەو هەموو گومان و ڕاراییە ژیانی لەگەڵدا ببەمەسەر.

## یەکلایی کردنەوەی کێشەکە لە دادگا

دوای ئەوەی (نازم) بەدرێژی هۆی کێشەکەی لەگەڵ (هاژە) بۆ (ئاسۆ)ی هاوڕێی باس کرد، ئینجا داوای لێکرد کە باشترین ڕێوشوێنی بۆ دیاری بکات بۆ ئەوەی دەستبەرداری یەکتر بن، ئەویش هەندێ ڕێنمایی کرد و گوتی: پێم باشە کێشەکە زۆر لە قەبارەی خۆی گەورە نەکەن و دواجار دەکرێ هەردوولاتان لەسەر مەبلەغێك پارە ڕازی بن و کۆتایی بە هاوسەرێتییەکەتان بێنن.. پاش ئەو قسانەی (ئاسۆ) ئیتر نازم پێشنیارەکەی زۆر پێ باش بوو بۆ ڕۆژی دواتر هەموو هەوڵێکی خۆیدا کە لەگەڵ (هاژە) یان باوکی ڕێکبکەون و بەشێوەیەکی دوولایەنە پێکبێن و بە خۆشی و ڕەزامەندی هەر دوولا دەستبەرداری یەکتر ببن، دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆ هەردوولا پێکهاتن کە(نازم) بڕێك پارەیان بداتێ و ڕازی بن لەسەر لێکجیابوونەوەیەکی ئارەزوومەندانە.. ئەوەبوو (ئاسۆ)ی هاوڕێشی کارەکانی بۆ نازم ڕێکخست و داوایەکی لە دادگای باری کەسی تۆمارکردو (هاژە)ش لە ڕۆژی دادبینییەکەدا بەخۆی ئامادەبوو و لەبەردەم دادوەردا دانی بەوەنا کە بە مەبلەغێك پارە پێکهاتوونە و مێردەکەی تەڵاقی داوە لە دەرەوەی دادگا بە ڕەزامەندی هەردوولایان، دادگاش دوای وردبوونەوە لە پەڕاوەکانی ناو کێشەکە پەسندی داواکاییەکانی کرد و پەیوەندی هاوسەرێتی نێوان(نازم) و (هاژە) بەهۆی گومان کردن و دڵسۆزنەبوونی ژنەکە بۆ مێردی، کۆتای پێهات.



## لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# کێ دەستدرێژی کردە سەر پرشنگ؟

ئا: باوکی میدیا

کاتژمێر سی و نیوی پاش نیوەڕۆ دەبوو، کە ئەفسەری ئێشکگر، لە ژووری خۆی دانیشتبوو، فڕی لە پیاڵە چایەکەی بەردەمی دەدا و سەیری پەڕاوەکانی دۆسییەکەی بەردەمی دەکرد، کە دۆسییەی ڕووداوێکی کوشتن بوو، ئەفسەری بەیانیان لێکۆڵینەوەی لەسەر کردبوو، ئەویش دەبوو لایەنەکانی تری تەواو بکات، کە دادوەر داوای کردبوو، ئەو خەریکی هەڵدانەوەی هێواشی یەکە بەیەکەی پەڕاوەکانی ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە بوو. لە پڕ پۆلیسەکەی بەردەرگا، لە دەرگای ژوورەوەی دا و سەلامێکی سەربازیانەی بۆ کرد و پێی گوت، گەورەم پیاوێك و کچێك هاتوونە و دەڵێن سکاڵامان هەیە، ئەویش ڕێی دان بێنە ژوورەوە، کە هاتنە بەردەمی بینی، پیاوێکی مەیلە و ئەسمەری تەمەن نزیك چل ساڵە بە خۆی و کچە ناکامەکەی کەتەمەنی لە نێوان شانزە و حەڤدە ساڵی دەبوو، هاتە ژوورەوە و بە کزی و مەلوولی سلاوێکی لەرزۆکانەی کرد و چاوەڕێی وەڵامدانەوەی سلاوکەی بوو لە ئەفسەرەکە و لێشی بپرسێ کە چی دەوێ و کێشەکەی چییە..ئەفسەرەکە سلاوەکەی وەرگرتەوە و لێی پرسی کە چی دەوێ و سکاڵای چی هەیە؟ کابرا کەناوی (جەعفەر) بوو، دەنگی لەرزی و سەری لەبەری خۆی نا، وك ئەوەی بیەوێ پۆلیسەکە بچێتە دەرەوە. ئەفسەرەکە لە ئاماژەکە کابرا گەیشت و بەتیلەی چاو لە پۆلیسەکەی گەیاند کە ژوورەکە جێبهێڵێ و دەرگاکەش دابخات. ئینجا بە وردی سەیری کابرای کرد و گوێی لێگرت بزانێ چی دەڵێ، (جەعفەر)یش بەسەرهاتی خۆی بەمشێوەیە گێڕایەوە و گوتی: ئەمە کچی گەورەمە و ناوی (پرشنگ)ە، تەماشای دەستەکانی و قۆڵ و باسکی بکە، بزانە هەمووی شین و مۆر بۆتەوە، یان نە، بزانە هەمووی شوێنەواری لێدانە یان نە.. کاکی ئەفسەر، ئەوە من وام لێکردووە، ئەوە چەند ڕۆژە بە لێدان و ئەشکەنجەدانی شلوکوتیم کردووە و چ جێیەکیم بە ساغی نەهێشتووە، هەموویشم لەبەرئەوەیە، هەتا ناوی ئەو کەسەم پێبلێ کە ئەو کەتنەی پێکردیە.

ئەفسەرەکە هەندێ ڕووداو و کێشەی وەهای دیتبوو، هەر یەکسەر زانی مەسەلەکە چییە، بەڵام بۆ ئەوەی قسەی پێ نەبڕێ و بەتەواوەتی بەسەرهاتی خۆی بە زاری خۆی بگێڕێتەوە، پاشان ئەوجا بوار خۆش دەبێ بۆ پرسیارکردن و هەڵسەنگاندنی درۆ و ڕاستی قسەکان، لەبەر هەندێ کە (جەعفەر) جار جار لە قسە کردن ڕادەوەستا و چاوەڕێی دەکرد، بزانێ ئەفسەرەکە چ پرسیارانی لێناکات، یان دەموچاوی ناگۆڕێ، یان لەناکاو ئادگاری دەموچاوی دەگۆڕێ، هیچ خۆی تێکنەدەدا و نەپرسیاری لێدەکرد، نە سەریشی بۆ دەلەقاند، یان برۆی گرژ دەکرد، ئەوجا (جەعفەر) ناچار دەبوو، ئحمێکی دەکرد و دەستی بە قسەکردن دەکردەوە و دەیگوت: ئەوجا بەکاکی ئەفسەر بڵێم قسەکانی درێژە پێدەدا و بەردەوام بوو، ئەوە دوو سێ ڕۆژە ئەو کچەم لە ماڵێ بەستۆتەوە دەزانی بۆ؟ چونکە.. چت بۆ عەرزکەم کاکی ئەفسەر، لەبەر ئەوەی هەتیمەکی شەلاتی پڕی دایتێ و کردیتییە

ژن و پاش ئەو کەتنەش وەکی کێخوایان وا خۆی دێنێ و دەبا بێ منەتانە خۆی بادەدا و کەسیش هەتا ئێستا نەیگرتییە. بە کچەکەم گوت باشە چۆن وایلێکردی و لە کێندەر ئەو بەزمەی کردیە، لەشەرمان قسە ناکات و ئەوەندەشم کەلێی دایە ئەوجاش هەر ئاشکرای نەکردیە و نەکردییە، پاشان بە زۆری زۆردارەکی گوتی فلانەکەسە ئەوجا لەبەر ئەو تاوانەی کە دەرهەق بە کچەکەی کردیە و شەرەف و ئابڕووی بردیمە، داوای گرتن و مەحکمە کردنی دەکەم. دوای تەواوبوونی قسەکانی، ئەفسەرەکەش لەسەر داوای ئەوان دۆسییەی بۆ کردنەوە و گوفتاری باوکەکەی بە درێژی وەرگرت، کچەکەش گوفتارەکەی خۆی بەمشێوەیە داو گوتی: کوڕەك وایلێکردیمە ناوی (هیوا)یە، دوکانی فرۆشتنی جلوبەرگی ژنانی هەیە، رۆژێك لەگەڵ کچە مامەکەم، بە رێکەوت چووینە دوکانەکەی تا عەزییەکی درێژ بکڕم، هەر لەگەڵ چوونە ژوورەوەمەمان، چاوی لێداگرتم و لێوی لێ دەکروژتم، ئاخیری کە عەزییەکەی پێ فرۆشتین زۆری خاتر گرتین و نازانم کو بوو، ژمارەی مۆبایلەکەی لەسەر کاغەزێك نووسی و هاویشتییە ناو ئەو نایلۆنەی کە عەزییەکەی تێکردبوو، ئەمنیش کە چوومەوە وەکی بێ عەقڵان، چوومە سەربانی و بە مۆبایلی خۆم نوکەکەم بۆلێدا، ئەویش هەندەی نەبرد، تەلەفۆنی بۆ کردمەوە، هەتا پێی کرا قسەی خۆشی بۆ کردم، دوو هەفتان ئەوها رۆژێك نا رۆژەك نوکەیەکم بۆی لێدەدا و ئەویش تەلەفۆنی بۆ دەکردمەوە، ئەو رۆژانە زۆر قسەی خۆش خۆشی بۆ دەکردم و سەد جاران خۆی بە قوربان دەکردم و پێی دەگوتم، تۆ چاوت زۆر جوانە، بە ژن و باڵات زۆر شەنگە، من تۆم خۆشویستووە و حەز دەکەم ئەگەر رازی بی، پاش ئەوەی بە جوانی یەکتر دەناسین و هەردووکمان یەکترمان خۆش دەوێ، ئەوجا بێمە داخوازیت، بەردەوام ئەو قسانەی پێ دەگوتم و ئەوجا چەند جارێك داوای لێکردم بچمە دوکانەکەی کراس و عەزییەی جوانی هێنایە کە دەچووم دەهێنایە دەرێ و دەیویست بە دیاری بمداتێ، ئەمنیش بێ عەقڵ بووم، بڕوام پێکرد و چووم، جاری یەکەم کراسێکی جوانی دامێ و دەستی گرتم و کوشی، جارێکی ترچوومە کارتێکی موبایلی دامێ، هەر جارێکی دەچوم شتێکی بە دیاری دەدامێ، پاش دوو سێ رۆژی تر کە چوومەوە دوکانی، نیوەڕۆ بوو، مۆبایلێکی پێدام و ئەوجا بردمییە بن جلکان کاتێکم زانی بوومە ژن و بۆیە لە ترسان رەنگم زەرد هەڵگەرا و لەهۆش خۆم چووم، کە واملێهات ئەویش زۆر زۆر ترسابوو، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دابوو بەهۆش خۆم بێنێتەوە، ئیتر زانیم چی لێکردیمە، ئەوجا لەبەر ئەوەی دایکم نەماوە، بەترس و لەرزەوە چووم بە پلکێکم کە دەکاتە خوشکی گەورەی بابم گوت، کەبەڵکو رزگارم بکات، ئەویش هات بەهەر جۆرێك بیت بەباوکمی گوت و باوکیشم دووسێ رۆژان دارکاری کردم، کەکێ وایلێکردیمە، بەڵام من نەمدەوێرا باسی بکەم، چونکە دەترسام بچێ کوڕەکە بکوژێت.

## دەستگیرکردنی تۆمەت خراوە پاڵ

ئەفسەرەکە بەوردی و بە هەستەوە گوێی لە هەردووکیان گرت و زۆری پرسیار لێکردن و زۆری هێنان و بردن، بۆئەوەی بزانێ قسەکانیان ناگۆڕن، یان داخۆ بوختان بەو کەسە دەکەن، یا هەر شتێك کە سوودی بۆ لێکۆڵینەوەکە هەبێ. دواجار گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دۆسییەکە وەکو گوفتارەکانیان داوە، ئامادە بکات و بینێرێتە بەردەم دادوەر، کە دۆسێییەکە گەیشتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی ئیشکگر، گوفتاری هەردووکیانی پەسەند کرد و هەر زوو بڕیاری دا دەمودەست کوڕەکە واتە (هیوا) دەستگیر بکرێ و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، کاتژمێرێکی نەبرد، (هیوا) لەناو دوکانەکەی خۆی لەلایەن سێ پۆلیسەوە دەستگیر کراو کەلەپچەی لەدەست کرا. ئەفسەری لێکۆڵینەوە تێیگەیاند کە بۆ گیراوە و ئەو تۆمەتەی کە خراوەتە پاڵی چییە.

کە ئەفسەرەکە قسەکانی تەواو کرد، (هیوا) سەرسوڕمانی خۆی نیشاندا کە شتی وای قەت نەکردووە و ئەوە تەنیا بوختانێکە پێی کراوە، بەهەرحاڵ دوای ئەوەی چەند پرسیارێکی لێکرا، ئەویش مەسەلەکەی بەمشێوەیە باس کرد و گوتی: هەمووی سێ هەفتەیە ئەو کچە دەناسم ئەویش هاتۆتە دوکانەکەم، بۆ جل و بەرگ کڕین، هەر جارێکیش کە هاتووە کچێکی لەگەڵدا بووە، لە پێش دوکانەکەش یەك مەتریش چییە زیاتر نەهاتۆتە ژوورەوەی دوکان، دوو رۆژ پاش یەکەم سەردانی دووبارە هاتۆتەوە، ئینجا داوای ژمارەی مۆبایلی لێکردووم منیش پێمدا، یەك دووجار تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی دەگوتم، تۆم خۆش دەوێ!!، منیش دەمگوت، چ زوو منت خۆش ویست، خۆ تۆ نەدەمناسی و نە شارەزامی و نە دەشزانی داخۆ من تۆم خۆش دەوێ یان نە؟.. کەچی ئەو بەردەوام دەبوو لەسەر قسەکانی، پاشان یەك دووجاری تریش هاتەوە و هەر لە پێش دوکانەکە سەیری جلەکانی دەکرد، نە بەخۆی هاتۆتە ژوورەوە، نە منیش داوای هاتنە ژوورەوەم لێکردووە، ئەوە ئامێری مۆبایلەکەشمە، بزانن تەنانەت بۆ یەکجاریش چییە من تەلەفۆنیم بۆ کردووە، من شاهیدیشم هەیە کە نە ئەو کچە و نە هیچ کچ و ژنێکی تر نەهاتوونەتە ژوورەوەی دوکانەکەم، چونکە دوکانەکەم ئەو جێگایەی نییە شتی نابەجێی تێدا بکەی، شاهیدەکانیشم فلان و فلان و فلانن کە دوکانیان بە تەنیشت دوکانمەوەیە..

پاش وەرگرتن و تۆمارکردنی ئەم وتانەی (هیوا) پەراوی لێکۆڵینەوەی خرایە بەردەم دادوەر، ئەویش بڕیاریدا بە پشکنینی دوکانەکە و وەرگرتنی گوفتاری ئەو کەسانە کە بە شاهید ناوی بردوون، چوار پێنج رۆژێکی پێچوو، (هیوا)ش هەر لە گرتووخانەدا بوو، تا ئەو شتانە کران. (هیوا) هەرچی گوتبوو،راست دەرچووبوو، بۆیە داوایەکی بەرز کردەوە کە ئازاد بکرێن، بەدەستەبەری، دادوەریش ئازادی کردبوو.

## دەستگیرکردنی کەسێکی تر

کە (هیوا) ئازاد کرا، لە کێشەکە هاتە دەرەوە، ئەمجارە (جەعفەر)ی باوکی (پرشنگ) داوایەکی پێشکەش کرد و گوتی فلانەکەس وای لە کچەکەم کردووە، ناوی (سیروان)ە، ئەویش بەهەمان شێوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا، بەڵام (سیروان) دانی نا کە چەند جارێك پێکەوە بوونە و ژوانیان هەبووە، بەڵام شتی وای لەگەڵدا نەکردووە. ئەوەندە دانپیانانەی (سیروان) وایکرد کە لە بەندیخانە بمێنێتەوە، هەتا تەواو بوونی لێکۆڵینەوە و رەوانەکردنی کێشەکەی بۆ دادگای تاوان. دادگاییکردنی (سیروان) چەندین دانیشتنی خایاند و گەیشتە سێ چوار مانگ، بەڵام دواجار دادگا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە بەڵگەی پێویست و تەواو لە ئارادا نییە کە بیسەلمێنێ بەراستی ئەو تاوانە (سیروان) کردوویەتی، بۆیە لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو ئازاد کرا.

(جەعفەر) سەری لەو بڕیارەی دادگا سوڕمابوو و نارەزایی خۆی نیشاندا و هەندێك خۆی هێناو برد، ئاخیرییەکەی هیچی پێنەما، بە سەرۆکی دادگای گوت باشە گەورەم (هیوا) نەبوو (سیروان) نەبوو، ئەی کێ وای لە کچەکەم کردووە؟ دادوەریش گوتی ئەوە لە خۆت و لە کچەکەت بپرسە.

(هیوا) هەرچی گوتبووی راست دەرچوو، بۆیە داوایەکی بەرز کردەوە ئازاد بکرێت، دادوەریش بەدەستەبەری ئازادی کرد